
مێژووی بزووتنەوەی دەروونشیکاری

زیگمۆند فرۆید
وەرگێڕانی: شێروان ئیبراهیم



32867

Rahand

Preview sample - page 1 of 5 - Soran University Academic Digital Library

ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند

ناوی کتێب: میژووی بزووتنەوەی دەروونشیکاری
نووسەر: زیگمۆند فرۆید
وەرگێڕان: شێروان ئیبراهیم
بابەت: دەروونناسی
دیزاینی بەرگ: حەمەڕەش
دیزاینی تێکست: ڕەنجدەر جەبار
نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم (٢٠٢٢)
چاپ و بڵاوکار: ناوەندی ڕەهەند
تیراژ: (١٠٠٠) دانە
نرخ: (٢٥٠٠) دینار
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە ( )ی ساڵی (٢٠٢٢)ی پێ دراوە.

ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند
کوردستان - سلێمانی
07709309121
Nawandi Rahand

Preview sample - page 2 of 5 - Soran University Academic Digital Library

«شەپۆلەکان هێرشی بۆ دەهێنن، بەڵام نوقم نابێت»[1]

دەمەوێت لەم لاپەڕانەدا، بەشداریی خۆم لە مێژووی بزووتنەوەی دەروونشیکارییدا بخەمەڕوو. نابێت هیچ کەسێک تووشی سەرسوڕمان بێت بەوەی ئەم گێڕانەوەیە ڕەهەندێکی شەخسی هەڵگرتووە، یاخود لەوەی باس لە ڕۆڵی خۆم بکەم. چونکە دەروونشیکاری داهێنراوی خۆمە؛ بۆ ماوەی دە ساڵ، بێجگە لە من هیچ کەس سەرقاڵی [دەروونشیکاری] نەبووە؛ بۆ ماوەی دە ساڵ ڕەخنەگرە هاوچەرخەکان ڕەخنە و بێزاریی خۆیان لەمەڕ دەروونشیکاری، بەسەر منـدا دەبارانـد. تەنانەت ئەمڕۆش، وەختێک چیتر من تاکە دەروونشیکار نیم، دڵنیام هیچ کەس هێندەی من نازانێت دەروونشیکاری چییە، نازانن جیاوازیی چییە لەگەڵ میتۆدەکانی دیکەی پشکنین و دیراسەکردنی ژیانی دەروونی، نازانن دەبێت چ شتێک بەم ناوە ناوببرێت و چ شتێک ناوێکی دیکەی بەبەردا بکرێت.

ساڵی ١٩٠٩ و لە زانکۆیەکی ئەمریکی، بۆ یەکەمجار دەرفەتم بۆ ڕەخسا لەپێش جەماوەرێکی گشتییدا باس لە دەروونشیکاری

١ لە دەقەکەدا بە لاتینی هاتووە. دروشمی شاری پاریس و هێماکەی کەشتییە.

Preview sample - page 3 of 5 - Soran University Academic Digital Library

بکەم؛ لە درککردنم بە ئاکامەکانی ئەم ڕووداوە، گوتم: من دەروونشیکارییم بەدی نەهێناوە، فەزڵی ئەم داهێنانەم گەڕاندەوە بۆ جۆزێف بروێەر[1]، گوایە ئەو بەم کارە هەستاوە ئەوکاتەی من هێشتا قوتابی بووم و بە تێپەڕاندنی تاقیکردنەوەکانەوە سەرقاڵبووم (١٨٨٠-١٨٨٢). هەندێک لە هاوڕێ دڵسۆزەکانم، سەرنجمیان بۆ ئەوە ڕاکێشا، گوایە زیادەڕۆییم کردووە لە پێشاندانی سوپاسگوزارییم بەرامبەر بروێەر. بەبڕوای ئەوان، دەبوو هاوشێوەی جارانی پێشوو بڵێم: میتۆدی چارەسەریی «پاکژبوونەوە»[2] لای بروێەر، قۆناغێکی سەرەتایی بووە بۆ دەروونشیکاری. سەرەتای دەروونشیکاری دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی، من تەکنیکی خەواندنی موگناتیسیم خستەلاوە و بەزەیندا‌هێنانەوەی ئازاد[3]م خستە جێگەی. ڕاستییەکەی دەسپێکی دەروونشیکاری بگەڕێتەوە بۆ تەکنیکی پاکژبوونەوە یان بۆ ئەو گۆڕانکارییەی من بەسەریدا هێناومە، هیچ بەها و گرنگییەکی ئەوتۆی نییە؛ من کاتێک گەڕامەوە سەر ئەم خاڵە میژوویە، هۆکارەکەی ئەوەیە هەندێک لە نەیارانی دەروونشیکاری بیشەرمانە فەزڵی داهێنانی ئەم هونەرە دەگەڕێننەوە بۆ بروێەر نەوەک من. کاتێک _بەبڕوای خۆیان_ شتێکی بایەخدار لە دەروونشیکارییدا دەدۆزنەوە وەها دەڵێن [بروێەر داهێنەری دەروونشیکارییە]، بەڵام وەختێک دێتەسەر ڕەخنە بیسنوورەکانیان بێگومان

---

١ هاوڕێی فرۆید بووە و سەرەتای کاروانی زانستی لەگەڵ ئەودا هاوکاربوون. ساڵی ١٨٩٥، هەردووکیان پێکەوە کتێبێکیان نوسی بەناونیشانی «توێژینەوەکان دەربارەی هیستریا». بروێەر چواردە ساڵ لە فرۆید گەورەتر بوو، خەواندنی موگناتیسی بەکاردەهێنا لە چارەسەرکردنی نەخۆشە دەروونییەکاندا. بەڵام فرۆید لەم سنوورەدا نەوەستا و هاوڕێتییەکەیان بەکۆتا هات: فرۆید بەتەنها لەسەر دەروونشیکاری بەردەوام بوو. فرۆید لە کتێبی «ژیان و دەروونشیکارییم» سەبارەت بە بروێەر دەنوسێت: «دەبوو هاوڕێتییەکەمان بکەم بە قوربانی بۆ گەشەکردنی دەروونشیکاری، ئەمە باجێکی قورس بوو، بەڵام چارەم نەبوو».

2 Cathartic.

3 Free association.

Preview sample - page 4 of 5 - Soran University Academic Digital Library

داهێنانی دەروونشیکاری دەگەڕێنێنەوە بۆ من. ئەوەندەی بزانم، بەگوێرەی ئەو بەشەی بڕۆیەر تێیدا بەشداربووە لە بەدیهاتنی دەروونشیکارییدا، هەرگیز هێندەی من ڕووبەڕووی تانە و ڕەخنە نەبۆتەوە. وەک ئەوەی ماوەیەک پێش ئێستا دووپاتم کردۆتەوە، دەروونشیکاری بۆتە هۆی وروژاندنی ڕق و توڕەیی لای هەندێک کەس، ئەمەش وا دەکات دژی بوەستنەوە؛ گەشتمە ئەو ئەنجامگیرییەی باشترە خۆم وەک داهێنەری ڕاستەقینەی ئەم هونەرە بناسێنم، بە هەموو خەسڵەتە باش و خراپەکانییەوە. حەزدەکەم ئەو خاڵەش زیادبکەم، بڕۆیەر هەرگیز ڕۆڵی منی لە داهێنانی دەروونشیکارییدا بەکەم نەگرتووە، هەرگیز نەچۆتە بەرەی ئەو نەیارانەی وا ئەم بانگەشە هەڵەق و مەڵەقانە دەکەن.

پێشتر چەندەها جار باسم لە بەهای دۆزینەوەکانی بڕۆیەر کردووە، بۆیە نامەوێت لێرەدا دووبارە بچمە نێو ئەو وردەکارییەوە. تەنها دەمەوێت ئاماژە بەو فاکتە بکەم، سەمپتۆمەکانی نەخۆشە هیستیرییەکان پەیوەستە بە ئەزموونەکانی ژیانی ڕابردوویانەوە (تراوماکان[1])، ئەم ئەزموونانە فەرامۆشکراون پاش ئەوەی شوێنەوارێکی گەورەیان بەسەریانەوە جێهێشتووە، بەگوێرەی ئەم فاکتە، میتۆێکی چارەسەر داهێنرا بۆ یادخستنەوە و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەم ئەزموونە فەرامۆشکراوانە لەژێر کاریگەری خەواندنی موگناتیسییدا (پاکژبوونەوە). لێرەوە، بڕۆیەر گەیشتە ئەنجامگیرییەکی تیۆری، گوایە ئەم سەمپتۆمانە دەرخەری ئەوەن، نارێکییەک هەیە لە بەکاربردنی ئەو بڕی وروژانەی خاڵی نەکراوەتەوە (گۆرین[2]). لە بەشداریە تیۆرییەکەیدا لە کتێبی «تۆێژینەوەکان دەربارەی هیستریا»، بڕۆیەر هەرکات باسی

1 Traumas.

2 Conversion.

Preview sample - page 5 of 5 - Soran University Academic Digital Library